Vision Foundation
for Strategic Studies



# هەڵسەنگاندنی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەردەم کارەساتی ژینگەیی و ئاسایشی خۆراکدا

بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن

**توێژینەوەکان -  دامە زراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی  ستراتیجی**
**جۆری بڵاوکراوە : توێژینەوەی شیکاری ستراتیجی**
**بابەت : ژینگەی و ئاسایشی خۆراک**
**توێژەر : د. دیدار عبدالکریم رحیم**

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەرێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی:**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

**پوختە**

کارەساتی ژینگەیی و ئاسایشی خۆراک تەحەدایەکی گەورە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دروست دەکات، کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و زیادبوونی دانیشتوان و پێکهاتەی ناسەقامگیری حوکمڕانییەوە هەتا دێت دژوارتر دەبێت. ئەم توێژینەوە شیکارییە، دۆخی ئێستای لاوازیی ژینگەییەکان لە ناوچەکەدا هەڵدەسەنگێنێت، کە تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی بە بیابان بوون، کەمی ئاو، ڕووداوە هەمەجۆرەکانی کەشوهەوا و خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. لێکەوتەکانی کاریگەری ژینگەیی و کەمبوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، زنجیرەکانی دابین کردنی خۆراک و سەقامگیری ئابووری-کۆمەڵایەتی شی دەکاتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەحەدایانە، توێژینەوەکە پێشنیازی کرداریی دەخاتەڕوو، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەری ژینگەیی و دڵنیایی ئاسایشی خۆراک لە عێراق و هەرێمی کوردستان. لە دیارترین هەنگاوەکان بەهێزکردنی چوارچێوەی حوکمڕانی و دامەزراوەیی بۆ پشتگیری کردن لە بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوەکان، جێبەجێ کردنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بە هاوتەریبی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، وەبەرهێنان لە ژێرخانی پاراستنی ئاو و خاک. جگە لەوەش، توێژینەوەکە پێشنیازی پەرەپێدانی چوارچێوەی هاوکاری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەکات، سەبارەت بە میکانیزمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە نێوان هەر سێ وڵاتی تورکیا، ئێران و عێراق، بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و پێشکەش کردنی چارەسەری هاوبەش.

**پێشەکی**

عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسیی ڕاستەقینەدایە بە توشبوونی خراپترین کاریگەرییەکانی قەیرانی کەشوهەوا، لە دیارترین دیاردەکان بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمی ئاو، لەگەڵ کەمبوونەوەی زەوی بۆ کشتوکاڵ کردن و نەمانی هەلی کار لە گوندەکان، ئەمەش فشارەکان لەسەر خزمەتگوزارییەکان زیاد دەکات و نرخی خۆراک بەرزدەکاتەوە و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان بەرفراوانتر دەکات و نارەزایەتی و تەنانەت توندوتیژیش بەدوای خۆیدا دێنێت، هەروەها لاوازیی حوکمڕانیش بەربەستە لەبەردەم باشترکردنی دۆخی بەڕێوەبردنی ئاو و بەڕێوەبردنی ململانێی نێوان پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند و ڕاکێشانی وەبەرهێنان و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێی ئابووریی سەوز و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا، سەرکردە سیاسییەکان و بڕیار بەدەستەکان چ لە عێراق یان هەرێمی کوردستان بۆ ئەم دۆخە ترسناکە تێگەشتنی تەواویان نییە. لە مێژە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر پرسی ئاو لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمیەکان، بە تایبەت وڵاتانی تورکیا و ئێران، کە بەردەوامن لە دروستکردنی بەنداو و بەربەستە ئاوییەکان، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دابینکردنی ئاوی پێوست بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، پاساوی وڵاتانی ناوبراو ئەوەیە پێیان وایە سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاوی عێراق ناتەندروستە، لە هەمان کاتدا پرسی ئاو هاوشێوەی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان ئاڵۆزە و بنچینەی کاری پێکەوەیی بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشە ئاوییەکانی ناوخۆییەکان و چاودێری کردنی هەنگاوە کردارییەکان بۆ گلدانەوەی ئاو و شێوازی پاراستن و پەرەپێدانی سەرچاوە ئاوییەکان لاوازن.

لە ماوەی ڕابردوودا زنجیرەیەک ڕووداو وەک ئاماژەی مەترسیداری گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق تۆمارکرا، هاوشێوەی زریانی خۆڵ بارین، کە بووە هۆی پەکخستنی سەرجەم جوڵەکان و خنکاندنی چالاکییە ئابوورییەکان و دەرئەنجامی زیاتری مەترسیداری بە دوای خۆیدا هێنا سەبارەت بە نزمبوونەوەی ئاستی ئاو لە دەریاچەی حەمرین لە پارێزگای دیالە و سەبارەت بە زیادبوونی پیس بوون لە دەریاچەی ڕەزاز لە پارێزگای کەربەلا، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨دا کوالێتی ئاو لە بەسرە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە کەنداوی فارس لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو لە ڕووبارەکان و کەمبوونەوەی ڕێژەی باران بارین، لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراقی وەک پێنجەمین وڵاتی جیهان لەڕووی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەستنیشان کرد.

کە پلەکانی گەرما حەوت هێندە خێراتر لە تێکڕای جیهان بەرزدەبنەوە، لە کاتێکدا پێشبینی دەکرێت باران بارینی ساڵانە تا ساڵی ٢٠٥٠ بە ڕێژەی ٩ % کەمببێتەوە، لە هەمان کاتدا عێراق بەهۆی بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتووانەوە، کە دوو هێندەی تێکڕای جیهانییە، بە ڕێژەی ٢.٢٥ % لە ساڵێکدا، کە بڕیارە تا ساڵی ٢٠٣٠ ژمارەی دانیشتوانەکەی بگاتە ٥٠ ملیۆن کەس و تا ساڵی ٢٠٥٠ش بگاتە ٧٠ ملیۆن کەس.

**کاریگەرییە دامەزراوەییەکان:**

خراپی دۆخی حوکمڕانیی ناوخۆیی، دەبێتە هۆی بەردەوامی بەفیڕۆچوونی ئاو، ئەمەش دەبێتە لاوازیی پێگەی عێراق بەرامبەر وڵاتانی تورکیا و ئێران، هەروەها دەبێتە پاساوی بەهێز بۆ هەردوولا بۆ بەردەوام بوون لە دروستکردنی بەنداوی نوێ لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان، دەرئەنجام دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرەو ناڕوونی زیاتر و کێشەی قووڵتر دەبات، عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە ڕێک کەوتنی گشگیر و داڕشتنەوەی پلان و تەرخان کردنی بودجەیەکی پێوست هەیە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەت و کارنامەی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و پاراستنی هەمەچەشنەیی ژینگەیی و خۆگونجاندنی نیشتمانی لەگەڵ گۆڕانکاریی کەشوهەوا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانن لەسەر ئاستێکی گشتگیر پشتگیری خۆیان پێشکەشبکەن لە ڕووی توێژینەوە و تەکنیکی جێبەجێ کردنەوە، بەڵام پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە گرنگی ئەم کارنامەیە تێبگەن، ئەم هەنگاوە تەنها پەیوەندیدار نییە بە چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە، بەڵکو ئەمە دەبێتە پاڵپشت بۆ باشترکردنی حوکمڕانیی ناوخۆیی و هەمەچەشن کردنی ئابووریی وڵات.

کاریگەریە ئابوورییەکان: لە ئێستادا عێراق لە قۆناغێکی سەختی سیاسیدا گیری خواردووە، سەرەڕای ئەوەی عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە سوودمەندە لەو داهاتەی، کە ئێستا بەهۆی بەرزی نرخی نەوتەوە لەبەردەستیدایە، بەڵام لە دیارترین ئاڵنگارییەکان ئەوەیە، ڕەنگە دەوڵەت لە ڕووی یاساییەوە نەتوانێت بودجەیەکی نوێ تێپەڕێنێت بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانی کەشوهەوا، یان پرسەکانی دیکە، کە پێویستیان بە پلانی درێژخایەنی وەبەرهێنان و پابەندبوون هەبێت، زۆر ئەستەمە تەنها لە ڕێی ڕوونکردنەوەوە بتوانرێت پشتگیری نیشتمانی و لایەنە سیاسییەکان بەدەستبێت بۆ دابین کردنی بودجەیەکی بەرچاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکان و گۆڕانی کەشوهەوا. شان بە شانی کێبڕکێی سیاسیی چڕوپڕە بە تایبەتی لە نێوان هێزی چەکداری لایەنە شیعەکانیدا، کە زۆرترین جوگرافیای بەڕێوەبردن و سەرچاوە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنیان بەدەستەوەیە، بەوەش زۆرترین بەرپرسیارێتی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوایان بەردەکەوێت.

لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، حکومەتی فیدراڵی پرۆژەی بوژاندنەوەی میزۆپۆتامیای پەسەند کرد. ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەمجار وەک پلانێکی گەورە بۆ داڕشتنەوە و چارەسەرکردنی گرنگترین کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە وڵاتدا ڕاگەیەندرا. پێشنیازەکان بریتی بوون لە دەستپێشخەرییەک بۆ بەڕێوەبردنی ئاوی عێراق و بەرنامەی بە دارستان کردنەوەی ناوچە زیان پێکەوتووەکان و پلانی وەبەرهێنان لە بواری وزەی سەوزدا. هەرچەندە بە ئەستەم توانرا ئەم پرۆژەیە پەسەند بکرێت، کە پرۆژەکە وەک چوارچێوەیەکی سیاسی پەسەندکرا. لە کاتێکدا بەهۆی کێشەی تێپەڕاندنی بودجەوە، زۆربەی بڕیاردەرانی عێراق بەهۆی پەتای پۆپۆلیستی، پێیان باشە بە دوای هەنگاوی کورت خایەندا بگەڕێن و بە کەمترین هەوڵ هاوڵاتیان لە خۆیان ڕازی بکەن، دوور لە بنەما و پلانی نیشتمانی، وەک دەرفەتی دامەزراندن لە کەرتی گشتی حکومەت، خزمەتگوزاریی کورت خایەنی بێ پلان.

**کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان:**

کەمی ئاو لە ناوچە گوندنشینەکان کە بەهۆی خراپی دۆخی بەڕێوە بردنی سەرچاوەکانی ئاو و نارێکی لە ڕێژەی باران بارین و کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، چەندین کاریگەری هەیە. دەتوانێت ببێتە هۆی بە بیابان بوون، کە بەهۆیەوە زەوییە بەپیتەکان وشکدەبنەوە، ئەویش بەهۆی بەجێهێشتنی ناوچە کشتوکاڵییەکان و ڕێژەی کەمی ئاو و دابەزینی ڕێژەی سەوزایی و لاوازبوونی هەمەچەشنەیی بایۆلۆجی. ئەمەش مەترسی لەسەر % ٩٢ی زەوییە کشتوکاڵییەکانی وڵاتەکە دروست دەکات و بڕیارە لە داهاتوودا ڕەوتی کۆچی بەرفراوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەرزبکاتەوە, کۆچی ناوخۆیی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بە پلەی یەکەم بەهۆی دارمانی دەرفەتی کاری گوندەکانەوەیە، کاتێک ڕوودەدات، کە ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەردەست نەبێت. بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات، کە کەمبوونەوەی ٢٠%ی ئاوی عێراق دەتوانێت خواست لەسەر دەستی کاری کشتوکاڵی بە ڕێژەی % ١١.٨ دابەزێنێت و بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکە بە ڕێژەی ٦.٦ ملیار دۆلار کەمبکاتەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک هەیە، کەمی ئاو و وشکەساڵی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢١دا ٣٧%ی جووتیاران ئاماژەیان بە کەمبوونەوەی بەرهەمی گەنم داوە، هەروەها ٣٠%ی جووتیاران بە کەمبوونەوەی بەرهەمی جۆ.

هەروەها وشکەساڵی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جووتیارانی شوانکار هەیە، بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمەوە نرخی خۆراکی ئاژەڵەکان بەرزدەبێتەوە و کەمی ئاو دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان لەڕێی ئاوەوە، کە زیان بە ئاژەڵەکان دەگەیەنن. جووتیارە بچووکەکان و کۆمەڵگە کۆچەرەکان کەمترین توانایان هەیە بەرگەی ئەو زیانانە بگرن، کە بەهۆی وشکەساڵییەوە دروستدەبن، هەربۆیە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دروستدەبێت. ئەم کاریگەرییە ژینگەییانە ئاستی فشاری کۆمەڵایەتی بەرزدەکەنەوە. کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی نائارامی و زیادبوونی کۆچ و کەمبوونەوەی دانیشتووانی ناوچە گوندنشینەکان هەیە. لە دوای کۆچ، داواکارییەکان لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناو شاردا و تورەی ناوخۆیی بەرامبەر بە حوکمڕانەکان بەرزدەبێتەوە، ئەوکات هەلی کار تووشی هەڵئاوسان دەبێت.


مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە©٢٠٢٤

### هەڵسەنگاندنی گشتی:

هەرچەندە دڵنیا بوون لە ئاستی وردی هۆشیاری لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە ئەستەمە، بەڵام خەڵکی عێراق لە کاریگەرییەکانی ئاگادارن. لە مەڕدارە کۆچەرەکانەوە، کە لەگەڵ کەمی باراندا تووشی قەیران دەبن تا ئەو ماسی گرانەی، کە پشت بە دەریاچە بچووک بووەکان دەبەستن، نیگەرانییەکان لە زیادبووندایە. بە گشتی بەردەوام هاوڵاتییان کێشە و ئاڵنگارییەکان و کاریگەرییەکانیان لەنێوان گۆڕانی کەشوهەوا و چالاکی ڕۆژانەیاندا خستووەتەڕوو، پرسەکانی وەک کەمی ئاو زۆرجار ناڕەزایەتییەکان دروست دەکەن. هەروەها هاوڵاتییان پێیان وایە حکومەت و دەسەڵاتە ناوخۆییەکان ژینگەیان بە خراپ بەڕێوە بردوە و نەیانتوانیوە وەڵامی قەیرانی کەشوهەوا بدەنەوە.

پێدەچێت کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لە بەرزبوونەوەدا بێت. لە دوای دروستبوونی شەڕی داعش، پرسەکانی وەک گەندەڵی، پەروەردە، ئابووری، ئاوەدانکردنەوە لە سەرووی ژینگەوە وەک سەرەکیترین هەنگاوە ناوخۆییەکان ڕیزبەندیان کرد و ژینگە پشتگوێخرا. لەگەڵ کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی جەنگی داعش و هەڵکشانی ئەو زیانانەی، کە بۆ گۆڕانی کەشوهەوا دەرکەوت، سەرنجی گشتی لەسەر ژینگە چڕتر بووەتەوە لە چوارچێوەی زریانی خۆڵ بارینی بەردەوام ، کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢دا عێراقی گرتەوە، لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بووە ڕای گشتی، کە وەک هۆکار ئاماژەیان بە گۆڕانی کەشوهەوا دەکرد، هەروەها ڕەهەندێکی دیمۆگرافی هەیە، کە گەنجانی عێراق بە وردی ئاگاداری بابەتەکەن، لە ڕاپرسییەکی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەریخستووە ٦٧%ی منداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ لە عێراق ئاگادارن لە دۆخی نالەباری کەشوهەوا.

چاکسازیی کەرتی ئابووری دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی کێشە ژینگەییەکان، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا داهاتی نەوت زیاتر لە ٩٩%ی هەناردەی عێراق و ٨٥%ی بودجەی حکومەت پێکدەهێنێت. ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەگەر تا ساڵی ٢٠٥٠ جیهان بگاتە سفری دەردانی گازی ژەهراوی، داهاتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بە ڕێژەی ٧٥% دادەبەزێت، ئەگەری زۆرە بە شێوەی بەرچاو دوورکەوتنەوە لە نەوتدا سەرهەڵبدات، کە سەرچاوەی سەرەکی ئابووری پێک دەهێنت. لە بەرامبەردا گواستنەوە بۆ وزەی سەوز ڕەنگە دەرفەتی کاری زیاتر بڕەخسێنێت.

عێراق واژۆکاری ڕێککەوتنی پاریسە بۆ سنووردار کردنی دەردانی گازی ژەهراوی لە جیهاندا، هەرچەندە بەڵێنیداوە تا ساڵی ٢٠٣٥ ڕێژەی دەردانی گازی گەرم تەنیا بە ڕێژەی ١% کەمبکاتەوە. زۆر شت ئەنجامنەدراوە بۆ دەستەبەرکردنی وەبەرهێنان بۆ هەمەچەشن کردنی ئابووری، کلیلی ئەمەش بریتی دەبێت لە چارەسەرکردنی کەموکوڕییە قووڵەکانی ناوخۆی حوکمڕانیی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەنێویاندا کەمکردنەوەی گەندەڵی. هەروەها ئەم جۆرە هەنگاوانە یارمەتیی وڵات دەدەن بۆ بەدەستهێنانی وەبەرهێنان بۆ گونجاندن لەگەڵ کەشوهەوا و ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی، کە هەلی کار دابین دەکات و فشاری کۆمەڵایەتی کەم دەکاتەوە.


info@vfssiq.org | www.vfssiq.org
مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٤

**لاوازی حوکمڕانی عێراق:**

عێراق کۆدەنگی سیاسیی نییە، کە بتوانێت وەڵامی ئەو تەحەدایانە بداتەوە، کە گۆڕانی کەشوهەوا دروستی دەکات، یان پلانی گۆڕینی ئابووری دابڕێژێت، بەڵام ئەم جۆرە کێشانە لانی کەم بەشێکیان بەهۆی لاوازی حوکمڕانیی ئێستای عێراق و نەتوانینی گۆڕینی سیاسەت بۆ کردار لە ڕووی بەرەوپێش چوونی خزمەتگوزارییەکان، یان ڕێک خستنی ژێرخانی ئابوورییەوەیە.
بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەو مانایە نایەت، کە عێراق تواناى وەبەرهێنانی لە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی هەبێت، ئەگەر تەنانەت حکومەتی داهاتووی عێراقیش بودجەی تەواو تەرخان بکات، بەڵکو پێویستی بە چارەسەرکردنی چەندین لاوازی حوکمڕانی هەیە بە شێوەی گشتی. چارەسەری کاتی و ڕووکەش، ڕێگری لە کەمکردنەوەی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا ناکەن.
لەسەر ئاستی نیشتمانیش، وەزارەتی کشتوکاڵ بەرپرسیارە لە ئاودێری، نەك وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی ڕوونی لە دانان و جێبەجێ کردنی سیاسەتی پەیوەست بە پاراستنی ئاو و تەکنیکی نوێی ئەلیکترۆنی بۆ بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی ئاودێری. ئەمەش گرنگە، چونکە لە ئێستادا عێراق شێوازی ئاودێری لە ڕادەبەدەر بەفیڕۆدەدات.

زۆر گرنگە عێراق ئاو بپارێزێت بە مۆدێرن کردنی سیستەمی ئاودێری، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئەم مەبەستە، بەرنامەیەکی یەک گرتووتری حکومەتی نیشتمانی بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پارێزگاکان دەتوانێت یارمەتیی جووتیارانی ناوخۆیی بدات لە سەرتاسەری وڵاتدا، تا بە خێرایی لە ڕووی چۆنیەتییەوە شێوازی کارکردنیان بگۆڕن، ئەوەش بەکارهێنانی ئاو کەمدەکاتەوە.

**پێگەی ناوچەیی عێراق:**

عێراق لە ڕووی سەرچاوەی ئاوییەوە پشت بە هەردوو سەرچاوەی ڕووباری دیجلە و فورات دەبەستێت. ئەم سەرچاوەیەش بەرەو ڕووی کەمی ئاو دەبێتەوە و وێنەکانی مانگی دەستکرد دەریدەخەن، کە سەرچاوەی ئاو لە عێراق بە گشتی خێراتر کەم دەبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ هەموو سەرچاوەیەکی دیکەی ئاو لەسەر ئاستی جیهانی. هۆکاری وردی کەمبوونەوە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە، وشکەساڵی و گۆڕانی ئاستی ئاو و بیناسازی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکان.
ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە تا کۆتایی سەدە دەتوانرێت ڕۆیشتنی ئاو لە فورات و دیجلە بە ڕێژەی ٣٠% و ٦٠% کەمببێتەوە. بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبوونەوەی باران بارین بەردەوام دەبێت. ئەو وڵاتانە بە تایبەتی تورکیا و ئێران پێیان وایە عێراق پشکی دادپەروەرانەی خۆی لە ئاو وەردەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوەی دەبات. هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی عێراقدا، خواست لەسەر ئاو بەردەوامە لەگەڵ گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان. کەمی ئاوی عێراق بەهۆی چالاکییەکانی دەوڵەتانی دراوسێوە توندتر دەبێتەوە، لەوانە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، دروست کردنی بەنداو و لادانی لقەکانی لە تورکیا و ئێران. کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو لەم وڵاتانەوە زیاتر دەست ڕاگەیشتن بە ئاو لە عێراق کەمدەکاتەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانیان دەبێت.

**کۆماری تورکیا:**

قەبارەی ئاوی عێراق، کە لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت، وای لێدەکات وڵاتێکی بەرچاوی تایبەت بێت بۆ پرسی هاوبەشکردنی ئاو. نزیکەی ٩٠%ی ڕۆیشتنی ئاو لە فورات و ٤٤%ی ڕۆیشتنی ئاو لە دیجلە لە تورکیاوە دێت. گۆڕانی کەشوهەوا تورکیای ناچارکردووە پشکێکی زیاتر لە ئاوەکەی بپارێزێت، ئەمەش وایکردووە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ئەنقەرە پڕۆژەی ژێرخانی بەرفراوان لەسەر ڕێڕەوی ئاوەکانی جێبەجێبکات. بۆیە پڕۆژەی ئەنادۆڵ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دەستپێکرا، کە بووەتە هۆی دروستکردنی ٢٢ بەنداو لەسەر ڕووباری دیجلە و فورات.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە عێراق و تورکیا زنجیرەیەک دیالۆگیان لەسەر هاوبەشکردنی ئاو ئەنجامداوە، بەڵام هیچ کامیان نەیان توانیوە ڕێک کەوتنێک بەرهەمبهێنن، کە نیگەرانییەکانی بەغداد لەبارەی دابین کردنی ئاو لە تورکیاوە تێربکات. یاداشتێکی لێک تێگەیشتن لەنێوان عێراق و تورکیا، کە لەم دواییانەدا پەسەندکراوە و پابەندە بە ڕۆیشتنی ئاوی تەندروست بۆ عێراق. هاوکات بنیادنانی ژێرخانی ئاوی لە تورکیا بە خێرایی بەردەوامە. لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا تەنها دوو ڕۆژ دوای کردنەوەی بەنداوی زەبەلاحی ئیلیسو لەسەر دیجلە، سەرۆک کۆماری تورکیا هۆشداری دایە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ئەنقەرە لە ئێستاوە بە نیازە بەنداوێکی دیکەی نوێ لەسەر هەمان ڕووبار دروستبکات.

گرژییەکانی نێوان تورکیا و عێراق لەسەر هاوبەشکردنی ئاو گرژییەکانی دیکەی نێوان هەردوو وڵات قوڵتر و ئاڵۆزتر دەکات، بەتایبەتی لەسەر بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە باکووری عێراق. ئەو گرووپە ماوەی چەند دەیەیەک شەڕی یاخی بوون لە دژی دەوڵەتی تورکیا و ئەنقەرە بە گەورەترین هەڕەشەی خۆی دەزانێت. بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو گرووپە، تورکیا چەندین بنکەی سەربازی لە عێراق دامەزراندووە و بەردەوام ئۆپەراسیۆنی دژ بە پەکەکە لە ناوخۆی عێراق ئەنجام دەدات، دواتر ئۆپەراسیۆنی چنگ-قفڵ. ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە تەحەدای سەروەری عێراق دەکەن و حوکمڕانیی بەغداد لاوازدەکەن، توانا و سەرنجی حکومەت و ئاسایش و سیاسی دەگرێتەوە، کە دووری دەخاتەوە لە جێبەجێکردنی پلانی پاراستنی ژینگەی و پرسەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا. پرسی ئاو ململانێی تورکیا لەگەڵ پەکەکە قورستر دەکات. میدیاکانی حکومەت لە تورکیا بە ڕاشکاوی ژێرخانی نوێی وەک بەنداوی ئیلیسو بە تێکدانی پەکەکە دەخەنەڕوو، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم جۆرە پڕۆژانە ئاوارە بوونی کوردەکان لەناو تورکیادا چڕتربکاتەوە.

عێراق لەگەڵ تورکیا لە دانوستاندا بووە بۆ کڕینی کەرەستەی سەربازی لە بەرامبەر زیادبوونی ڕۆیشتنی ئاو و دوورخستنەوەی هێزەکانی تورکیا لە بنکەیەکی نزیک موسڵ. ململانێی پەکەکە و پرسە پەیوەندیدارەکانی بەردەوام دەبن لە خاڵی هێرش کردن و مشتومڕ لە گفتوگۆکانی هاوبەشکردنی ئاوی تورکیا و عێراقدا.

هەروەها شایەنی باسە، کە لە ڕووی مێژووییەوە بەرپرسانی تورکیا زیاتر هەوڵی داوە، کە پێگەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ هەروەها شایەنی باسە، کە لە ڕووی مێژووییەوە بەرپرسانی تورکیا زیاتر هەوڵی داوە، کە پێگەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ فشارخستنە سەر عێراق بۆ بەشداری کردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە پەکەکە، بۆ دووبارە بوونەوەی سیناریۆی هاوشێوەی دانوستانی ساڵی ١٩٨٧ کە تورکیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ سوریا واژۆکرد، کە تێیدا بە ڕوونی مەرجی ئازاد کردنی ئاوی لەسەر دیمەشق دانا و کۆتایی بە پشتیوانی پەکەکە هێنا.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

لە چوارچێوەی گۆڕانی کەشوهەوادا، لایەنە گرنگەکانی پەیوەندیی نێوان عێراق و ئێران بریتیین لە دابەشکردنی ئاو، پشتبەستنی عێراق بە هاوردەکردنی گونجاو لە ئێرانەوە. ڕووبارەکانی کارون و کەرخە، کە لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە دەڕژێنە ڕووباری شەت ئەلعەرەب لە نزیک بەسرە، بەڵام ئێران تادێت لقەکانی لادان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ئاوی ناوخۆی خۆی زیاد دەکات، بەڵام پێدەچێت عێراق هیچ ڕێوشوێنێکی نێودەوڵەتی لەو شێوەیەی نەگرتبێت و هەر هەنگاوێک لەو جۆرە مەحاڵ دەبێت بۆ بەغداد، کە بە شێوەیەکی واقیعی بەدواداچوونی بۆ بکات، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری بەرفراوانی ئێران لەسەر کاستی سیاسیی عێراق. لە هەر حاڵەتێکدا بەرپرسانی ئێران ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە، کە تاران ئاوی بۆ دراوسێکەی سنووردار کردووە و هەندێکیشیان بە عێراقیان وتووە، کە گرنگی بە کەمکردنەوەی ڕۆیشتنی ئاو لە تورکیاوە بدات، بەڵام ئەمانە زیاتر سیناریۆی سیاسین، کە لە کاتی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی عێراقدا چ لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمایەتی سەرهەڵدەدەن.

هاوردەکردنی خۆراکیش هۆکارێکی بەرچاوە لەم پەیوەندییەدا. چالاکوانان ئێران بەوە تۆمەتباردەکەن، کە بە ئەنقەست عێراق لە کەمکردنەوەی ئاو بۆ لەناوبردنی کەرتی کشتوکاڵیی ئەو وڵاتە و بەئامانج گرتنی بازاڕی عێراق بە بەرهەمی کشتوکاڵی ئێرانی. ئەم جۆرە تۆمەتانە بوونەتە هۆی ئەوەی، کە لەلایەن گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بانگەواز بۆ بایکۆتی کاڵای ئێرانی بکەن، لە کاتێکدا ناڕەزایەتییەکانی تشرین ئامانجیان (هەندێکجار بە توندوتیژی) هێماکانی کاریگەری ئێران لەسەر عێراق لەنێویاندا باڵیۆزخانە و کونسوڵ خانەکان بووە. لە چوارچێوەی سزای توندی نێودەوڵەتی، کە بەسەر ئابووری ئێراندا سەپێنراوە، بازاڕی عێراق سەرچاوەیەکی گرنگی نەختینەییە بۆ تاران. هەروەها خراپی و دابەزینی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ بەرهەمهێنەرانی عێراق وایکردووە، کە بازاڕەکانی عێراق هەرزانتر و متمانەپێکراوتر پشت بەو خۆراکانە ببەستن، کە لەلایەن ئێرانەوە هەناردەدەکرێن، ئەمەش وابەستەیی عێراق بە دراوسێ گەورەکەی زیاددەکات.

هەروەها تورەیی گشتی لە کاتی شەپۆلەکانی گەرمای هاویندا کاتێک ئێران جار جار پێدانی کارەبای بە عێراق ڕاگرتووە بەهۆی نەدانی پارەی کارەباوە. ناڕەزایەتییەکان لەسەر نەبوونی کارەبا لە ساڵی ٢٠١٨ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بوو، کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە تابلۆی کەسایەتییە ئێرانییەکان و نووسینگەکانی لایەنە سیاسییەکانی سەر بە ئێران بەردا لە دیمەنگەلێکدا، کە لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی تشریندا زۆر دووبارەدەبوونەوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

لە بەغداد بەردەوام گرژی سیاسی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا هەیە. حکومەتی هەرێم لە چەندین بۆنەدا هەوڵیداوە پێگەی خۆی وەک خاڵێکی کاریگەر لە دانوستانەکان لەگەڵ بەغداد بەکاربهێنێت. بۆ نموونە کاتێک ناکۆکییەکانی بودجە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا سەرهەڵدەدەن، بەرپرسانی کورد لە بۆنەیەکدا پێشنیازی بڕینی ڕۆیشتنی ئاویان بۆ عێراق کردووە، لەنێویاندا لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠٢٠ هەڕەشەکانی کورد بۆ ڕاگرتنی ئاو وەڵامێکی توورەیی لەلایەن بەغدادەوە بە دوای خۆیدا هێنا، حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی هەرێمی بە تێکدانی مافەکانی مرۆڤ و پێشێل کردنی دەستووری عێراق تۆمەتبارکرد.

هەروەها هاوبەشکردنی ئاو بووەتە خاڵێکی گەرم لە ناوچە جێناکۆکەکاندا. بۆ نموونە پێشتر جووتیارانی عەرەبی کەرکوک دەسەڵاتدارانی کوردیان بەوە تۆمەتبار کردبوو، کە بە ئەنقەست ئاو بۆ کێڵگەکانیان کەمدەکەنەوە بۆئەوەی بە زۆر لە زەوییەکانیان دایانبڕن، هەروەها لە ماوەی ڕابردوودا لە کەرکوک گرژیی نێوان کۆمەڵگاکان لەنێوان عەرەب و تورکمان و کورددا لەسەر ئاو ڕاگەیەندراوە. ئەو ناوچەیە لە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کورد لە ساڵی ٢٠١٧ و دواتر لە ڕێگەی هێرشی سەربازییەوە لەژێر کۆنترۆڵی فیدراڵیدایە، حکومەتی فیدراڵی، تووڕەیی خۆی لە حکومەتی هەرێم دەردەبڕێت، کە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی، بەدواداچوون بۆ دروستکردنی بەنداوەکان دەکات. لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢ دا وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی بەغداد ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێم گرت، کە بەبێ ئاگاداری حکومەتی فیدراڵ ڕێك کەوتنی لەگەڵ کۆمپانیایەکی چینی واژۆکردووە بۆ دروستکردنی چوار بەنداوی نوێ، ئەمەش لە چوارچێوەی بەرزبوونەوەی گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا ڕوویدا، دوای ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدابوو، کە هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوت و غاز لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نادەستوورییە، ئەمەش بووە هۆی ترس و تووڕەیی لە حکومەتی هەرێمدا. بەوپێیەی ئێستا حکومەتی فیدراڵی دەستیکردووە بە گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگا، ڕەنگە حکومەتی هەرێم زیاتر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕۆیشتنی ئاو وەک خاڵێکی کاریگەر لە دانوستانەکانی داهاتوودا بەکاربهێنێت.

**دەرئەنجام**

کاریگەرییە ژینگەییەکان و ئاسایشی خۆراک، دوو ئاڵنگاری ئاڵۆزن لەبەردەم عێراق و هەرێمی کوردستان. هەروەها ئاستەنگی نێودەوڵەتیش بە تایبەتی لەلایەن هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران بوونەتە گرفت، بە هۆی بەرنامەی بەردەوامی دروست کردنی بەربەست و بەنداو لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکان لەلایەن هەردوو وڵاتەوە، سەرجەم ئەم فاکتەرانە کاریگەری ڕاستەخۆ دروست دەکەن لەسەر گەشەسەندن و سەقامگیری عێراق. بە هۆی بەربەست و بەنداوە ئاوییەکانەوە، کە دەبنە هۆکار بۆ کەمبونەوە ئاستی ئاو لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و بەڕێوەبردنی ناکارامەیی سەرچاوەکانی ئاو لە ناوخۆدا، قەبارەی کێشەی کەمی ئاوی ناوخۆ گەورەتر دەکات، کاریگەریەکانی بوونەتە هەڕەشە لەبەردەم پرۆسەی کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک.

**پێشنیازەکان بۆ بڕیار داڕێژەران:**

١-پێویستە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر کار بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی ئاو لە نێوان دامودەزگاکانی حکومەتی خۆجێیدا بکەن. دەتوانێت ئەمە بکات بە دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ هەماهەنگی بۆ دڵنیابوون لە دابەشکردنی یەکسانیی ئاو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکی ڕوون و سەربەخۆ و پشت ڕاستکراوەیی پێداویستییەکانی هەر ناوچەیەک. هەروەها پێویستە ئەمە میکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەخۆبگرێت بۆ یارمەتیدانی کەمکردنەوەی گرژییەکانی پەیوەست بە ئاو لەنێوان دەسەڵاتە ناوخۆییەکاندا.

٢-دامەزراوە داراییەکانی عێراق بە تایبەتی وەزارەتی دارایی و دژە گەندەڵی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، پێویستە هەوڵەکان بۆ باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنانی عێراق زیادبکەن. ئەمەش بۆ یارمەتیدانی ئابووری بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گواستنەوە و دوورکەوتنەوە لە سووتەمەنیی پێترۆکیمایی، زۆر گرنگ دەبێت. پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە ڕەخساندنی دەرفەت بە وەبەرهێنان لە ئابووریی سەوزدا، لەوانە ڕێوشوێنی تێگەیشتن و نەخشەکێشانی توانای وزەی سەوز لە عێراقدا.

٣-کاراکتەرە سیاسییەکان دەبێت بە نیەتێکی باشەوە لە هەر دیالۆگێکی ئاو، یان دانوستانێکی پەیوەست بە کەشوهەوا بەشداربن، دووربن لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمی ڕاگەیاندنەکان و هەڕەشەی یاسایی ناپێویست لە دژی دراوسێکانی عێراق بەهۆی پێشێلکارییەکانی ئاوەوە. پێویستە بەرپرسان خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو پرسە وەک کارتی فشار لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەدووربگرن، لەبری ئەوە لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییە فەرمییەکانەوە نزیکببنەوە لە هەر نیگەرانییەک. بەوەش هەردوولایان هەڵگری کارتی سیاسیی بەهێز دەبن، پرسێک کە کاریگەری لەسەر هەموو عێراق هەیە، نەک تەنها هەرێمێک، یان ناوچەیەک.

٤-پێویستە حکومەتی ناوخۆیی و ئیتیحادی، هەڵمەتەکان بەڕێوەببەن بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان بۆ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و زیادکردنی هۆشیاری لەبارەی دۆخی ژینگەی عێراقەوە. ئەم جۆرە هەڵمەتانە دەبێت ئامانجیان بەدەستهێنانی کۆدەنگی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسەدا.

٥-پێویستە لایەنە سیاسییەکان و کەسانی پەیوەندیدار ئەو جۆرە پرسانە بخەنە پێش ململانێ و هەڵوێستە سیاسییەکانیانەوە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردن و پێشکەشکردنی چارەسەرێک بۆ هەندێک لەو قەیرانە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە گشتییانەی کە بەشێکی زۆری خەڵکی عێراقی بێهیوا کردووە.

٦-پەیڕەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی بەردەوامی ئاو، بە پێشخستنی تەکنیکە نوێیەکانی ئاودێری بۆ پاکردنەوەی ئاوی پیس و بەکارهێنانەوەیان لە پرۆسەی کشتوکاڵ کردن، لە ڕێگەی پشتیوانی کردنی پرۆژەکانی بۆ سەرجەم ناوچە کشتوکاڵییەکان.

٧-هانی جوتیاران بدرێت بۆ پشت بەستن بە بنەتۆوی نوێی پەروەردەکراو، بە زیندە تەکنیکیە بایۆلۆجیەکان کە توانای خۆڕاگری هەبێت، بەرامبەر بە گۆڕانکاریە ژینگەییە نەخوازراوەکان، هەروەها دورکەوتنەوە لە شێوازی چاندن و کشتوکاڵکردنی کۆن، ئاراستەکردنیان بۆ پەیڕەوکردنی کشتوکاڵی زیرەک و تەکنەلۆجیای مۆدێرن.

٨-بەرەنگاربونەوەی بە بیابان بوون، پاڵپشتی کردنی هەڵمەتەکانی بە دارستان کردن و بە دارستان کردنەوەی ناوچە زیان پێگەشتوەکان، پەرەپێدانی بەرنامەکانی پاراستن و نوێکردنەوەی خاک و کۆکردنەوەی ئاو.

٩-فراوانکردنی بەرنامەکانی هۆشیاری ژینگەیی، پاراستنی هەمەچەشنەیی ژینگەیی و سەرچاوە سروشتیەکان، پێشخستن و پەرەپێدانی بەرنامەکانی پەروەردە و هۆشیاری پاراستنی ژینگە و ئاسایشی خۆراک.

١٠-کارکردن لەسەر بە هەمەچەشنکردنی خۆراک و پەرەپێدانی زنجیرەی خۆراکی، بە پشتگیری پرۆژەی کشتوکاڵی بچووک، دامەزراندنی کێڵگەی نموونەی کشتوکاڵی لە شارەکان و پاڵپشتی و هاندانی پڕۆژەی مۆدێرنی بەرهەمهێنان، بۆ نموونە وەک پڕۆژەکانی هایدرۆپۆنیک و کێڵگەی بەرهەمهێنانی بەروبومی ئۆرگانی.

## سەرچاوەکان


1. **Al-Ansari, N.,** 2021. Water resources of Iraq: problems and solutions. *Journal of Earth Sciences and Geotechnical Engineering,* 11(3), pp.1–14. Available at: https://www.scienpress.com/journal_focus.asp?main_id=68.
2. **Ali, F., Abbas, F. and Ahmed, T.,** 2021. The effects of climate change on water scarcity in Basra, Iraq. *Arabian Journal of Geosciences,* 14(3), pp.1–13. Available at: https://link.springer.com/journal/12517.
3. **Al-Obaidy, A.H.M.J. and Al-Khateeb, M.,** 2013. The challenges of water sustainability in Iraq. *Engineering and Technology Journal,* 31(5), pp.828–840.
4. **BBC,** 2017. Iraqi forces take control of Kirkuk from Kurdish fighters. Available at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-41642727.
5. **BBC,** 2019. Iraq protests: what's behind the anger? Available at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-49960677.
6. **Eklund, L.,** 2017. Water scarcity and conflict in the Tigris-Euphrates River Basin. *International Journal of Environmental Studies,* 74(2), pp.274–290. Available at: https://www.tandfonline.com/toc/genv20/current.
7. **FAO,** 2022. *The state of food and agriculture 2022: Climate change and agriculture.* Rome: Food and Agriculture Organization of the United Nations. Available at: https://www.fao.org/3/cb9993en/cb9993en.pdf.
8. **Hameed, T., Hussein, A. and Abed, A.,** 2020. Governance challenges in Iraq: climate change impacts and institutional weaknesses. *Middle Eastern Studies,* 56(8), pp.1–20. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/00263206.2020.1718657.
9. **Hassan, W., Salih, A. and Barzani, M.,** 2022. Kurdistan region's water management in the context of federal disputes with Baghdad. *Kurdish Studies Journal,* 10(2), pp.67–85. Available at: https://www.kurdishstudies.net.
10. **IMF,** 2021. *Iraq: Economic outlook report 2021.* Washington, D.C.: International Monetary Fund. Available at: https://www.imf.org/en/Publications/WEO.
11. **Iraq Energy Institute**, 2018. *Water resources and management in Iraq*. Available at: https://iraqenergy.org/wp/wp-content/uploads/2018/09/Water-Report.pdf.
12. **Middle East Institute,** 2020. The politics of water in Iraq. Available at: https://www.mei.edu/publications/politics-water-iraq.
13. **OPEC,** 2021. *Annual statistical bulletin 2021.* Vienna: Organization of the Petroleum Exporting Countries. Available at: https://www.opec.org/opec_web/en/publications/202.htm.
14. **Reuters,** 2017. Kirkuk Arab farmers accuse Kurds of blocking water to their fields. Available at: https://www.reuters.com/article/us-iraq-kurds-water-idUSKBN1DL1G9.
15. **Reuters,** 2022. Iraq criticizes KRG over Chinese dam agreement. Available at: https://www.reuters.com/article/iraq-krg-dams-idUSKCN2MZ09T.
16. **Rudaw,** 2014. Baghdad accuses KRG of manipulating water flows. Available at: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/16042014.
17. **Rudaw,** 2021. Iraq's environment, food security very fragile. *Rudaw,* 25 August. Available at: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/250820211.
18. **UNDP,** 2019. *Climate change in Iraq: risks and opportunities.* Baghdad: United Nations Development Programme. Available at: https://www.iq.undp.org/content/iraq/en/home/library/environment_energy/climate-change-report.html.
19. **UN-Habitat,** 2022. *Climate change and urbanization in Iraq: managing growth amid scarcity.* Nairobi: UN-Habitat. Available at: https://unhabitat.org/iraq-climate-change-and-urbanization.
20. **United Nations,** 2022. *Interlinkages Between Climate, Peace, and Security in Iraq*. Available at: https://iraq.un.org/en/228597-interlinkages-between-climate-peace-and-security-iraq.
21. **World Bank,** 2022. *Climate change inaction threatens Iraq's social stability and long-term economic development prospects*. Available at: https://www.worldbank.org/en/news/press-release/2022/11/09/climate-change-inaction-threatens-iraq-s-social-stability-and-long-term-economic-development-prospects.
22. **World Bank,** 2022. *Water security in Iraq: challenges and opportunities.* Available at: https://www.worldbank.org/en/topic/water/publication/water-security-in-iraq.

Vision Foundation
for Strategic Studies